# نەورۆز لەتەواوی ئازادیخوازان پیرۆزبێت

عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمکی
abdulagermiki@hotmail.com

ئاشکرایە نەورۆز ئەو رۆژەیە کە کۆتایی بەزۆرداری دێت و جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردە و هەروەها سەری ساڵی نوێی کوردییە و تاقە جەژنمان نەورۆزە، کە ئێمە دەبێت جیاواز لەرۆژەکانی تری ساڵ سەیری بکەین و ئەو یادە بەرز بنرخێنین و هەروەها نەورۆز بەتایبەتی لەلای ئەو کەسانەی کە تا دوا رادە پەیوەستن بەرۆحی نەتەوایەتی و ئێشقی نیشتیمان بەرز هەڵدەسەنگێنن پیرۆز بێت، بەڵام مەخابن لەباشووری کوردستاندا تەنها دەزانرێت کە نەورۆز سەری ساڵی کوردییەو هیچی تر، ئیدی نازانن ئەو رۆژە چۆن پیرۆز بکەن لەیەکتری. بێگومان ئەمەش هۆکاری زۆرە و هۆکاری سەرەکی ئاینی ئیسلامە کە وای بەموسڵمانان پیشانداوە دەرەوەی جەژنی قوربان و جەژنی رەمەزان جەژنی تر نییە، لێرەدا ئەمە بەواتای پێشێلکردنی جەژنی نەتەوەکانی تر دێت، وەك دەزانرێت ئاینی ئیسلامیش تا دوا رادە خەڵك لەباشووردا گرێدراون بەو ئاینەوە، من هیچ شتێك ناڵێم رێزم هەیە بۆ ئاینی ئیسلام، بەڵام ئەمەش نابێت ببێتە ئەو واتایەی من جەژنی نەتەوەیی خۆم پیرۆز نەکەم و تەنها ئەو دوو جەژنە نەبێت کە ئیسلام دیاری کردووە.

نەورۆز سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ هاتنی بەهاردا دێت و خەڵکی لەو رۆژەدا دەبێت هەروەکو چۆن جەژنەکان ئیسلام سەردانی ماڵان دەکرێت و جلی نوێ بۆ منداڵان دەکڕن و خواردنی خۆش ئامادە دەکەن. دەبێت وابێت لەمانەش گرنگتر دەبێت بەرز و پیرۆزتر سەیری بکەین، چونکە لەو رۆژەدا بەکوشتنی زوحاکی خوێنمژ لەلایەن کاوەی ئاسنگەرەوە، ئیدی کۆتایی بەرۆژانی تاڵ و ناخۆشی دێت. بۆیە پێویستە ئەو رۆژە دەرەوەی ئەوەی وەکو جەژنیش سەیری بکەین. هەروەها بەرۆژی بەرخودان و ئازادی و سەرفرازیش تەماشای بکەین. ئێمەی کورد لەباشووری کوردستاندا. بەتایبەت لەسەردەمی رژێمی گۆڕبەگۆڕ، من بۆخۆم هەرچەندە منداڵ بووم ئەو کاتانە، بەبیرم دێت وەکو نارەزایی دەربڕینێك بەرامبەر رژێمی ئۆلیگارشی پێشوو. هەر لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنم زۆر پێمان خۆش دەبوو لەیادکردنەوەی ئەو رۆژەدا ئاگر بکەینەوە، چونکە ئاگر کردنەوە یەکێکە لەهێماکانی ئەو رۆژە، بەڵام رژێمی گۆڕبەگۆڕ بەم کارە زۆر تورە دەبوو، بۆیە چەندەها کەس لەبەر ئەوەی تەنها ئاگریان کردۆتەوە و یادی ئەو رۆژەیان کردۆتەوە راپێچی زیندان کراون و زۆر کەسیش لەبەر زۆری ئەشکەنجە شەهید کەوتووە، بەڵام ئێستا خۆ ئەو رژێمەش نەما دەبینیت میللەت ئەو گەرمییە و حەماسەتەی نەماوە وەکو جاران بۆ نەورۆز تەنها وەکو رۆژێك دەیبینن لەرۆژەکانی بەهار بچنە دەرەوە و بۆ تەنها نانخواردن، ئەمەش جێی داخە بەشێوەیەکی پێویست نازانرێ ئەو رۆژە پیرۆز بکرێت. لێرەشدا بەباشی دەزانم شتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە بەراستی زۆر بێ تاقەتی کردم و کەوتمە نێو تێفکراندنێکیی قوڵەوە و زۆر کاریگەری لێ کردم، ئەو شتانەی کە لەسەرەوە باسم کرد لەوانەیە شتی ئاسایی بن، بەس نائاسای لێرەدایە؛ لەم چەند رۆژەدا هەر بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە هەر وەکو چۆن خەڵك لەجەژنەکانی تری ئیسلامدا ئەو کەسانەی کە نەتوانن بیبینن تەلەفۆنیان بۆ دەکەن و لەرێگەی تەلەفۆنەوە جەژنە پیرۆزە لەیەکتری دەکەن، منیش بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە تەلەفۆنم بۆ هاوڕێیەکم کرد بۆ ئەوەی جەژنە پیرۆزەی لێ بکەم. بەڵام لەکاتی ئەوەی کە وتم جەژنەکەت پیرۆز بێت. دیار بوو واقی وڕما، بەدەنگێکی کزەوە وتی: جەژنی چی رادەبیوری!. منیش پێکەنیم و وتم رابواردنی چی، دیسان باوەڕی نەدەکرد وای دەزانی گاڵتەی پێدەکەم، دواتر وتم ئەی نازانی جەژنی نەورۆزە، دوای بیری لێکردەوە و وتی: ئاااا ئێستا زانیم، بەڵام جا نەورۆز جەژنە پیرۆزەی بۆ چییە!. بەڵێ خوێنەری دەلال ئەمە زۆر بێزاری کردم و دیارە تەنها ئەم هاوڕێیەی من وانییە، بەڵکو بەهەزارەها کوردی تری هاوچەشنی ئەمە هەیە، کە من باسم لێوە کرد وایە، سەرەتا زۆر بەست و دڵتەنگ بووم، ئەوەندە بەست بووم خەریکبوو خۆم نەدەناسیەوە، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە ناحەقیان نییە، ئەگەر بڵێن لەسەردەمی رژێمی بەعسدا ئەو رژێمە کۆسپێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی نەك هەر نەزانین نەورۆز چییە، بگرە خۆشمان نەدەناسیەوە، چۆنکە سیاسەتێکی چەوتی بەسەر گەلی کوردا بەتایبەتی بەرێوە دەبرد ئەمە راستە، بەڵام ئێستا ئەرکی حکومەتی هەرێم و حزبەکانە کە زیاتر ئەو رۆژە بەپیرۆزتر بدەنە ناسین لای جەماوەر، بەڵام ئاشکرایە نەیانتوانیوە تا هەنووکەش ئەو رۆژە بەخەڵك بدەنە ناسین، ئەمەش بەرایی من تاوانە.

لەکۆتاییدا رۆژی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ کە رۆژی نوێبوونەوەیە لەتەواوی گەلی کورد پیرۆز دەکەم، بەتایبەتی لەهەموو کەسێکی ئازادیخواز ئەوانەی کە بڕوایان بەئازادی و دیموکراتی هەیە، ئەو کەسانەی کە بڕوایان بەئازادییەکانی ژن هەیە و ئەوانەی

**کە فیشەکێکیان تەقاندوە لەپێناوی رزگاری نەتەوەکەمان و ئەوانەشە کە ئەورۆکە لەگۆڕەپانەکەدا خەباتی دیبلۆماسی دەکەن و ئەوانەی کە لەنێو زیندانەکاندان. ئەورۆکە لەبەر کوردایەتی. ئەوانەی کە بەسەر چیا سەرگەشاکانی کوردستانەوە بەسەرما و بەگەرما خەبات دەکەن لەپێناوی ئازادی و ئەوانەی کە گیانیان بەخت کردووە لەپێناوی دادپەروەری و یەکسانی و دیموکراسدا. سەریری رێز و نەوازش لەبەردەمیاندا دادەنوێنم بەو هێوایەم کە لەنەورۆزی داهاتوودا هەموو تموحاتەکانمان بێتە دی و گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان رزگاری بێت. لەدەست داگیرکەران و نەیارانی گەلەکەمان و سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم.**